**خوێنەرانی هێژا سڵاوی گەرمتان لێبێت، بەپێویستم زانی کە پێشینەیەك بنووسم بۆ ئەوبابەتەی کەلەئینگلیزییەوە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. بە وەرگێڕانی ئەم بابەتە دەمەوێت مرۆڤی کورد ئەوراستییە بەڵگە پێنەویستە دەرکپێبکات کە کۆمەڵگای ئینگلتەرە لە ساڵی 1939 وە چی خزمەتێکی بەنرخی پێشکەشدەکرێت لە لان *بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان* تاوەکو ئەمرۆکەش سەرکەوتوانە لەسەرتاسەری *یونایتد کینگدەم*دا (United Kingdom) وە بەواتایەکی تر تۆی خوێنەر ئەو راستییەت بۆبەدەردەکەوێت کەمرۆڤەکانیشیان چۆن خۆبەخشانەکاریانکردووە، کاردەکەن بۆ پێشخستنو باشکردنی باری ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاکەیان!!!**

## میژوویەکی کورت لە خزمەتگوزاری (CAB) بیرۆی ئامۆژکاری هاوڵاتیان

لە مانگی نۆی 1939 دا "یەکەمین " 200 بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان کرایەوە بۆ کار (پیشە) تەواوی فەرمانبەرانی لە لایەن خوبەخشەکانەوە بوو، وە یارمەتی مادیان لە شارەوانیە ناوخۆیەکانەوە پێدەگەیشت.

وێنەی روونی کاتی جەنگی بەریتانیا، لە نوسینەوەی یان تۆمار کردنی بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان لە ڕۆژهەڵاتی لەندەن سەرهەڵ دەدات .

هاوڵاتی ناونیشانی خۆی دا وەکو (Tube station) (ژێر زەوی) . خانوەکەی لە کەناری ڕۆژهەڵات وێران کرابوو، وە هاوسەرەکەیو منالّەکانی دوور خرابونەوە بۆ (Devonshire) کە ناوچەیەکە لە لەندەن.

هاوڵاتی هات بۆ ئەوەی پرسیار دەربارەی (داوای بیمەی مردوو ناشتن) بکات بەهۆی مرگی کچەکەیەوە، کە لە هێرشی ئاسمانیدا کوژرابوو. ئەو چوار منالّی هەیە، لەگەڵ ساوایەکی دە مانگانە، کورەهەرە گەورەکەی ئەسیری جەنگە.

ئەم هاوڵاتیە (café) گازینۆی بیستو حەوت میزی هەبوو. بیناکەو، کەرەستەکانو، ماڵەکەی خۆی لەگەڵ هەموو کەلوپەلەکاندا قوپاوو نوشتابونەوە، وە جل بەرگەکانیش وێران بوو بوون. ئەو نێردرا بۆ ئەنجومەنی یارمەتی دان بۆ یارمەتی قەرەبوکردنەوەی پێش وەختی پارە پێدان.

زۆر خێزان داهاتەکانیان کەم کرایەوە بە تەلەفون کردن (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) دەستی کرد بە دەوربینینی ڕۆڵێکی زۆر گرنگ بۆ ئامۆژگاری پێدان لەسەر قەرزاری لە ماوەی وە دوای جەنگ. (خزمەت گوزاری بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) لەگەڵ ئاژانسەکانی وەکو مانگی سوور کاری کرد بۆ یارمەتی شوێن دیاری کردنی خزموو کەسوکارە ونبووەکان.

(Lord Beveridge) لە ساڵی 1948 دا وتی (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) وا دەکات کە دنیا دەربکەوێت بۆ زۆربەی هاوڵاتیان کە لە نارەحەتیدان. بۆ گرتنی یان تێدا بوونی هۆی توخمی هاوڕێیەتی. ئامۆژگاری کەرێك کە لە (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان)ە تەنها کەسێکی هاوڵاتیە، لەگەڵ کات و زانیاری دا ئەگەر ئەو شایستەی شوینی خۆی بێت لەگەڵ سەبری بی پایانی.

کاتێك ساڵی 1957 یاسای کرێ هاتە ئیش پێ کردن، پلەبەپلە کۆنتڕۆلەکانی کرێی لابرد (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) دەستی زۆر باشی هەبوو لە یارمەتیدانی خەڵك لە پەیوەند بەکێشەکانی خانوودا.

پیاوێکی بە تەمەنی 80 ساڵە ئاگاداری زیاد کردنی کرێی بەدەست گەیشتبوو لە ژێر یاسای تازەی کرێ (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) بە فۆرمەکەی (ئیستیمارە) کەی دا چوونەوە، وە دەست نیشانی دوو هەڵەیان کرد، بە ئیزافەی داواکاری لە سەر ڕادەی ماوە پێدراو لە ژێر ئەو یاسایەدا. ئەو پیاوە دواتر گەڕایەوە بۆ ئەوەی کە بلێت بریکارەکان داوای لێبردنیان لێکردبوو وە فۆرمەکەیان (ئیستیمارە) کەیان بۆ ڕاست کرد بۆوە.

بۆ ساڵی 1965 زۆرێك لە لێكۆڵینەوەكان لە مەوداكانی خێزان و كەسێتیدابوون، سەرەرای درووستبوونی خانەنشینیو یارمەتی نیشتیمانی زۆری تریش پیدا بوون.

لیستێك لەو كێشانەی كە (Tower Hamlets) ی (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) پێوەی خەریك بوو لە مانگی چواری 1963 دا نموونەییە. داوا كاری قەربووكردنەوەی پەنابەرێك لەگەڵ ئاستەمی بۆ (HP Payment) دانەوەی كرینی بە كرێ، یارمەتیدان لەگەڵ بایەخپێدانی كەسێكی پەست كراو لە رووی مێشكییەوە، گرفت لەگەڵ هاوسەری خانەنشینێك وە داواكاری دەربارەی (Houseboat) ( بەلەمێكە وەكو ماڵ بۆ تیا ژیان بە كار دێت ) لە (Cheshunt) ناوی جێگایەكە.
بۆ سالەكانی 1970 دامەزراندنی (ئۆفیس) ی (ئاڵوگۆری بازرگانی) مەبەست لە بەرز بوونەوەی رێژیەكی زۆری ڕاپۆرت دراوی كێشەكانی پەیوەند یداربە كریار وە ڕادەیەكی زۆری بەتاڵەوەهەبوو. یاسای پیشەسازی كاری كردە زۆرێك لە كرێكاران.
(بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) ی (Sunderland) ڕاپۆرتی 1791خەلكی بەتاڵەی(بێكار)ی لە ناوچەكەدا دا لە حەوتەم مانگی یەكەمدا.
لە 1978 بەرز بوونەوەی بەتالە لە سەدا سەد بەبەرامبەر بە ساڵی رابوردوو زیادیكرد(بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) بەدامەزراندنی (Advice unit) یەكەی ئامۆژگاری بۆ خەڵك لەگەڵ یارمەتیدانیان بۆ دامەزراندنی (پیشە) كاری خۆیان وڵامی بەكێشەكان دایەوە.

لەماوەی 1980 كاندا بێ كاری دوو بەرامبەر بوو وە ڕادەی هەژاری بەرز بوو لە ناو خەڵكە بێ كارەكاندا، داواكارییەكان بۆ (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) لە سەدا پەنجا بەرز بۆوە.
لە ماوەی ساڵی 1983 بۆ 1984 خۆپیشاندانی كرێكارانی كانگا (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) لەشوێنەكانی كانزاكاری بە وردی و باشی لەگەڵ كۆمەڵەكان كاری كرد بۆ یارمەتیدانی ئەوانەی كارتێكرابووە سەریان، بۆ جیاكردنەوەی یارمەتییە ئاڵۆزاندراوەكەیان، قەرزاری، دەركردنی كرێچی لەبەر كرێنەدان وە كێشەكانی دەستبەسەر داگرتنەوەی خانوو(لەلایەنخاوەن خانووەوە). ئامۆژگاری پێدانیان لە یانەكانی خۆشگوزەرانی كرێكارەكانی كانگە وە لە (Pithead) بینایەكانی دەوروبەری چونە ناو كانگاكانەوە.

بۆ ناوەراستی1990 تەكان (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) لە شوێنە دێهاتیەكاندا (دەشتەكی) یەكاندا راپۆرتی دەدا لەسەر زیادبوونی بێ بەشكردن (بەشخواردن) ودابربوون لەگەڵ بەرز بوونەوەی ئاستەكانی قەرزاری لە (Countryside) دەرەوەی شار. ئەوان (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) بە پێشخستنی بنكەی ئامۆژگاریە گەرۆكەكان وڵامیان دایەوە، وە كاریان كرد بۆ بەرپا كردنی هوشیاری لە كێشەكان، وەكو بێ خانووبەرەیی (بێ جێگاو رێگا) لەو شوێنانەی كە بە نۆرماڵ دیار نی یە.

***سەدەی 21***

ئەمرۆ (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) خزمەتگوزاری زۆر باش لە ئامۆژگاری و زانیاری دەگەیەنێت بە سەرووی 2000 لە كەلەبەرەكانی خزمەتگوزاری لەسەر تا سەری بەریتانیا(England)و،وەیلز(Wales)و نۆزن ئایلند(Northern Ireland) هەروەها بە تەلەفون، لەرێگای (Internet)ئینتەنێت وە بە (E-mail) (ناونیشانی ئەلكترۆنی) وە هەروەها لە رێگای میدیاوە. ئەو (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) یارمەتی خەڵك دەدات بۆ چارەسەركردنی كێشە یاسایی و ئابوری وە هەروەها كێشەی تریش بە پێشكەش كردنی زانیاری و ئامۆژگاری، وە بە كارتێكردنی لە (Policymakers) بریار دەركەران.

(بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) پشت دە بەستێت بە نزیكی 20.000 مرۆڤی خۆبەخش (Volunteers) سێ چارەك لەوانەی كەلە خزمەتگوزاری (بیرۆی ئامۆژگاری هاوڵاتیان) دان، رێژەیەكی زۆر زۆر وزە و هەوڵی خۆیان سەرف دەكەن بۆ خەڵكی ناوخۆ. (لە شارەكاندا)

هەندێك كاری ئامۆژگاریكەرەكان پێشكەش كردنی ئامۆژگاری بێ بەرابەر، نهێنی وە هەروەها ئامۆژگاری بێ لایەن (بێلایەن بەڵام لایەنگری ڕاستی).

ئەوە كانى تريش شارەزايى و كارامەيى لە IT (Information Technolocy) دەبەخشن. پشتگيرى كردن لە قەشە وە هەروەها شارەزاى و كارەمەيى زمان كە پەيوەندى بە پێداويستى يەكانى خەڵكى ناوخۆوە هەبێت.

ماڵپەرى (بيرۆى ئامۆژگارى هاولاتيان) www.adviceguide.org.uk رێكا بەخەڵكى دەدات كە ڕۆژانە 24 كاتژمێر ئەم ماڵپەرە بەكار بهێنێت بۆ ئەو زانيارييانەى كە پەيوەندى هەيە بە كێشەكانيانەوە.

وەرگێرانى ئەمدەقە لە زمانى ئينگليزييەوە بۆ كوردى لەلايەن:
**Darya Said**
**daryasaid@yahoo.co.uk**
**10/10/2007/ England**